# دەوڵەت و رۆحی نەتەوە

## دەوڵەت لە ناخی کورددا

## خوێندنەوەیەك بۆ قەیرانی دەسەڵات لای کورد

ن/ تەحسین حەمەغەریب

### پێشەکی:

دەسەڵاتی نەتەوەیی) لەوانەیە جەوهەریترین مەسەلە بێت سەبارەت بە هەر نەتەوەیەك، هەروەك هیگڵ دەڵێت دەوڵەت رۆحی رەهای کۆمەڵگەیە[1]. هەموو نەتەوەیەك تەنها لە بوونی دەسەڵاتی سەربەخۆدا تواناو ئامادەییە نەبینراوەکانی بەرجەستە دەبن، واتە زۆربەی ئەو ئامادەییانەی کە بوونی بەزەبر (الوجود بالقوة) یان هەیە قەد ناچنە دۆخی بوونی بەرهەستەوە (الوجود بالفعل) بێ بوونی دەسەلاتی نەتەوەیی کە فۆرمی دەوڵەتی نەتەوەیی کامڵترین فۆرمیەتی، ماهیەتی نەتەوە لە دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت، هەر نەتەوەیەکیش دەوڵەتی نەبێت ناکەوێتە هەوای خۆی و لە بوونی و بەرجەستە کردنی تواناکانیدا کەیل نابێت لەزەت لە بیناکردنی ماهیەتی خۆی نابات، هیچ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت تواناکانی خۆی بۆ کەشف ناکرێ و ناتوانێ هەڵسێتە سەرپێ و لە هزرو ئیحساسە قووڵەکانی خۆی تێڕامێ.

(ئیدی لێرەوە دەبێت وروژاندنی باسی دەسەڵاتی نەبووی نەتەوەی کورد ببێتە سەنتەریترین بابەتێ کە دەشێ زۆرترین گرنگی پێبدرێت بێژوك بۆ توێژی دەستەبژێرو رۆشنبیران.. تا کاتی هاتنە دی ئەو خەوە نەتەوەییە زۆرترین رووبەری نووسین و گوتارو دایەلۆگەکانیان بگرێتە خۆ. ئەوەش بشێ لەم پێشەکیەدا بووترێت سەبارەت ب رەوش و میتۆدی نووسینەکەیە!.

بەندە لەم نووسینەدا نەهاتووم هۆکارەکانی دروست نەبوونی دەسەڵاتی کوردی بژمێرم و پاشان تا رادەیەك بە درێژی لەسەر یەکێك لەو هۆکارانە بدوێم ئەگەرچی روونکردنەوەی زۆربەی ئەو هۆکارانە لە ناواخنی نووسینەکەدا هەن بەڵکو میتۆدو مۆدێلی لێکۆڵینەوەم بۆ راڤە کردنی هۆکارەکان

بەکارهێناوە کەوا دەبینم نەبوونیان خەوشی دیاری زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی ئەم بوارەن. بۆ ئەمەش سوودم لە میتۆدەکانی زانایانی زانستەکانی ناسیۆنۆلۆجیا (نەتەوە ناسی) و یاساناسی و کۆمەڵناسی و ئەنسرۆپۆلۆجیاو تەنانەت فەلسەفەی زانستیش وەرگرتووە بۆ

نموونـه میتـۆدی نەتەوەناسـی بـەناوبانگ جولنــەر[٢] و (بۆردیــۆو ئـالڤون و کوفلــەر[٣] لــە سۆسیۆلۆجیستەکان و (دیکی)[٤] لە یاساناسان و دۆنسـۆو هۆبـزوو لـوك) لـە تیۆرسـێنەکانی بەندی کۆمەڵایەتی (العقد الاجتماعی) و کارل پۆپەر[٥] لە فەیلەسوفەکانی فەلسەفەی زانست وەرگرتوە.

بێژوك ئەو مۆدیلەی بیریاری ئەمریکایی بەناوبانگ (ئالڤون کوفلەر) کە سیاق و وەرگەڕانی دەسەڵاتی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پێ دیاری کـردە وە لـە کتێبـە زۆر ناودارەکـەیدا (گۆڕانـی دەسەڵات لە نێوان هێزو سامان و مەعریفەدا) (تحول السلطة بين القوة و المال و المعرفة) کە بە بۆچوونی ئەو هەموو دەسەڵاتەکان لە مێژوودا (دەوڵەت و ئیمپراتۆریەکان) بە تـەرتیب ئەو سێ هۆکـارە (هـێز) و (مـاڵ)، و (مەعریفــە)[٥] هۆکـاری دامــەزراندنیان بـوون، بۆیــە ســەردەمە مێژوویـەکانی بۆ سەردەمی (هێز) و سەردەمی (ماڵ) و سەردەمی (مەعریفـە) دابـەش کـردوە، منیش هاتووم جێگای کوردم لە هەرکام لەو سەردەمانەدا پیشان داوە شرۆڤەی ئەوەم کردوە بۆچـی کـورد نـەیتوانیوە لـە توانـاو ئامادەییـەکانی خـۆی و ئـەو ســەردەمانە ســوود ببـات و دەســەڵاتی کـوردی دروسـت بکـات. دەبێـت ئـەوەش بڵێـم مەبەسـتم لـە دەسـەڵاتی کـوردی لـە سەردەمی کۆندا ئیمپۆراتۆریەت و لە سەردەمی نوێشدا دەوڵەتی نەتەوەییە ئەگینا دەسەڵاتی لۆکاڵ و ناوچەیی کوردی هەر لە کۆنەوە هـەبوون و بگرە کـەمجار رووی داوە دوای پـەیدابوونی ئاینی پیرۆزی ئیسـلام سـەردەمێك هـەبێت لـە بوونـی ئـە و دەسـەڵاتانە خـاڵی بێـت زێـتر ئـەو میتۆدەی کۆفلەدەیشم بۆ تەحلیلی هۆکارە دەرەکیەکان بەکار هێناوە!.

بــۆ شــرۆڤەی هۆکــارە خــودی و ناوەکیــەکانیش کــەڵکم لــە رای فەیلەســوف و سۆسیۆلۆجیسـتەکان وەرگرتـوە وەك راکـانی فەیلەسـوفی ئـەڵمانی و دامەزرێنـەری زانسـتی دیاردەناسی (فینۆمینۆلۆجیا)[٦] و سۆسیۆلۆجیستەکانی سەر بە مەکتەبی (فیبەر) و تیۆرەی جێکەوتی هـەڵگرانی بیروڕاکان لەسـەر نـاوەڕۆکی ئـەو بیروڕایانـە (تأثير حـاملي الافكـار علـى مضمونها)[٧] وا دەبینم کە تا هەنوکەش تاکی کورد نەچۆتە ئاستی گوتاری نەتەوەیی بەڵکو بەردەوام چەمکەکانی ئەم گوتارەی هێناوەتـە ئاسـت غـەریزەکانی تاکانـەی (الغرائـز الفرديـە) خۆی، لـەم پێناوەشدا لـە ئارکۆلۆجیای دوو دەزگای گرنگـی (بینـین و عـەقڵ)ی تـاکی کـوردی دەرەنجامەکانم گوتوە دیارە بینین و عەقڵیش بە مەدلولە جۆری و قووڵـەکانیان و باسـی دەزگای بیستنیشم نەکردوە لەبەر ئەوەی راستە بیستن گوزارەکان دەگەیەنێت بەڵام دواجار وێناکردن و لێکدانەوەی ئەو گوزارانە بۆ بینین و عەقڵ دەگەڕێنەوە هەر بۆیەش بۆ حاڵی بوون لە بابەتە نوێکان دەشێ رووبەری سەیرکردن و بیرکردنەوەی مرۆڤ زێتر بکرێت.

هیوادارم شتێکی نوێم ئەگەرچی زۆر بچووکیش بێت لەم بوارەدا درکاندبێت و خزمـەتێکم بە نەتەوەکـەم کردبێـت.. دەرەنجامـەکانیش ئەگــەر زۆر وردو زانسـتیش نـەبن بـەڵام ئیحساسـی راستەقینەی نێو دڵی منن!.

(کاتێك ئێمە لە پای دەرخستنی هۆکارەکانی دروست نەبوونی دەوڵـەتی کوردیداین دەبێت مانای دەوڵـەت و نەتـەوەمان لا ئاشکرا بێـت، هـەروەها پـەیوەندی دەوڵـەت و نەتـەوەو گرنگـی بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی دەربخەین..!

تا دەرەکی جێکەوتی کاریگەری نەبوونی دەوڵەتی نەتەوە بۆ نەتەوەیەکی وەك کورد بکەین، قووڵی و فراوانی مەودای ئەو هۆکارانەش دەربکەویت کە لەمپەرو ریگر بوون لە ریی دروست بوونی دەوڵەتی کوردیدا، هەروەها کاریگەری دوولایەنەی هەرکامیان لەسەر ئەوی دیان بناسین دەبێت سنووربەندی ماناو دەلالەتەکانی ئەو دوو چەمکە بکەین.

(چەمکی نەتەوە)

توێژەران لەسەر دیاریکردنی بنەماکانی نەتەوە یەك را نین، لەم بوارەشدا وەك هەر بەشێکی دیکەی زانستی کۆمەڵایەتیەکان زێتر نیشاندەری روئیاو دیدو خولیای خاوەن راکانن لێرەوە نەتەوەناسیش (ناسیۆنۆلۆگیا) وەك بەشێکی گرنگی سۆسیۆلۆگیا تێیدا لە دیدی جوێوە سەیری بنەماکانی پێکهێنەری نەتەوە بکرێت[٨].

بۆ نموونە لێکۆڵەرە فەیلەسوفەکان (فەیلەسوفەکانی نەتەوە) (زمان هاوبەش و مێژووی هاوبەش) دەکەنە بنەمای بوونی نەتەوە، هەروەها لای سۆسیۆلۆگیستەکان (ئیرادەی هاوبەش و کولتووری هاوبەش) پێکهێنەری نەتەوەن و هەروەها مارکسیـیە ئەرسۆذکسەکان تەنها لە ئابووریەوە سەیری نەتەوە دەکەن هەروەك سیاسیەکان لە بوونی دەسەڵاتی هاوبەشەوە (Policy) بۆی دەڕوانن، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە بوونی تەنیای هیچ کام لەمانەو تەنانەت هەمووشیان پێکەوە نابنە مایەی جویٚ کردنەوەی ماهیەتی نەتەوە، چونکە زۆربەی نەتەوەکانی دونیا (ئەگەر نەڵێین هەمووشیان) هەموو ئەو بنەمایانەیان پێکەوە تێدا نیەو کەچی خۆشیان بە نەتەوە دەزانن، هیچ کام لە بیریاران نەیانتوانیوە بنەما پێکهێنەرەکانی نەتەوە دیاری بکەن ئەوەش بە بۆچوونی ئێمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو بیریارانە نەتەوەیان وەك هەبوویەکی پێشین (الموجود المسبق) سەیرکردوە بۆیە تەنها ئەو بنەمایانەیان باس کردوە کە دەرخەری رابردووی هاوبەش و مەخزونی هاوبەشی نەتەوەن ئیدی تواناو ئامادەگی بنەماکانی بوونی بە زەبری (الوجود بالقوە) نەتەوە ئەو توانایانەی لە مەوداو زەمەنە دوورەکانی داهاتوودا دەردەکەون لەبەرچاو نەگرتووە، بۆیە هەمیشە ئەو گوتارانەی نەتەوە دروست بوون کە بوونی پێشینی نەتەوە سەنتەری دروست بوونیان بووە، ئیدی ناتوانن ئومێدو خولیاکانی نەتەوە لە داهاتوو و بوونی مینۆکی و نەبینراوی نەتەوە بەرجەستە بکەن لەبەرئەوەی هێندەی نەتەوە بوویەکی دیرۆکی پێشینەو هەبوویەکی بەرجەستەی جەستەی هەنووکەیە زێتر لەوە کۆمەڵە توانایەکە لە داهاتوودا بەرجەستە دەبن!

(چەمکی دەوڵەت)

(دەوڵەت ئەو کائینە ئاڵۆزەیە هەموو داوەکانی دەسەڵاتی خۆی لەنێو کۆمەڵگەدا تەنیوە).

دەوڵەت زێتر لە (١٥٠)[٩] پێناسەی بۆ کراوە، ئەمەش دەلالەت لە فراوانی مەوداکانی سەیرکردنی ئەو پێکهاتە (سۆسیۆلۆجی و یاسایی، و سیاسی و مێژوویی) یەو روانگەی جویٚی هەرکام لە خاوەن پێناسەکانە، بەڵام ئەندازەی هاوبەشی هەموو پێناسەکان بریتیـیە لە بوونی (گەل و هەرێم و دەسەلاتی سیاسی) بەڵام دەوڵەت بە هەموو کەوشەن و سنوورەکانیەوە بەهەموو قۆرخکاری و پەلهاویشتنەکانیو بەو هەموو ئامادەیی و ئەگەرو توانایەی

دەیبەخشێتە کۆمەڵگە بەو هەمو (کۆنترۆڵ و سزایەی) بە یاساکانی لەسەر ئازادی و بوونی تاکەکانی دایدەنێو بەو جەستە قورس و سەنگینەی لەسەر شانیان دادەنێ لە مێژوودا یەك فۆرمی ناسراو و مێژوویەکی دیاری سەرهەڵدانی نەبووە، بۆچوونی بیریارانی ئەم بوارەش لەم بوارەدا جیاوازە، لە کاتێکدا هەندی لە فەیلەسووفان بۆ نموونە خۆڵنەر دەوڵەت تەنها لە فۆرمی دەوڵەتی نەتەوەدا دەبینێو[10] جۆرەکانی پێشتری دەوڵەت، دەسەلات بە دەوڵەت دانانی و، ئەمە جگە لە کاتێکدا تیۆری مێژووی دروست بوونی دەوڵەت بۆ گەلێ دوورتر لە سەرهەڵدانی نەتەوە دەگێڕێتەوە بەلای ئەم تیۆرەوە بوونی دەوڵەت بوونی دەسەلاتە، لە هەر سەردەمێکدا دەسەلات هەبووبێت ئەوا دەوڵەتیش هەبووە واتە ئەو سەردەمەی کە کۆمەڵگە دابەش کرد بۆ توێژێکی دەسەلاتدارو توێژەکانی دیکەی وەرگرو بەرکاری دەسەلات[11].

لێرەوە ئیدی بوونی دەوڵەت بۆ سەردەمە دێرینەکانی دروست بوونی ژیانی هاوبەشی تاکەکان لەگەڵ یەکدی لە سەردەمە پێشینەکاندا دەگەڕێتەوە!.

بە بۆچوونی من بۆ ناساندنی دەوڵەت دەبێت میتۆدی جویێ بگرینە بەر، لەبەر ئەوەی دەوڵەت چەندین روو و کایەی هەیە دەکارێ لە چەندین دیدگاوە سەیر بکرێت بۆیەش دەبێت بە پێی دیدگاکان میتۆدو رەوشی راڤەو دیراسە کردن بگرینە بەر، چونکە هەر ئەو کاتەی کە دەوڵەت بابەتێکی یاساییە لە هەمان کاتدا دیاردەیەکی سۆسیۆلۆجیە، دەسەلات ئەو کاتەی بابەتێکی ئەبستمی (مەعریفی)یەو تەحلیلێکی فەلسەفی‌یە، هەر ئەو دەمەش ریشەی بەنێو سیۆلۆجیادا چۆتە خوارێ و سەخت نغرۆی غەوری ئایین و ریفۆرمی ئایینیە هەر بۆیە خۆڵنەر دەڵێت: هەموو دەسەلاتێك بە رۆشنگەری ئایینی دەست پێ دەکات[12]. کە باس کردنی تەسەلی هەرکام لەو لایەنانەش زۆر بەرینترن لەوەی لە حەوسەڵەی راپۆرتێکی دیراسیانەی وەك ئەوەی ئێمەدا بێن و باس بکرێن، بۆیە لێرەدا زۆر بە کورتی لە گۆشەنیگای (سۆسیۆلۆجیاو مەعریفە)وە باسی دەکەین، بێ ئەوەی بچینە ژێر ئەرکی زۆر هورد کردنەوەی مەسەلەکان و هێنانی رای هەموو قوتابخانە فەلسەفیەکان و بیریاران لەو دوو کایەدا.

(دەوڵەت وەك هەبوویەکی کۆمەڵایەتی)

لە رووی سۆسیۆلۆجیەوە ناشێ دەوڵەت بوونی هەبێت تا کۆمەڵگە نەگەشتبێتە رادەیەکی گەشە سەندووی وا کە لانی کەم دابەش نەبووبێت بۆ دوو توێژی دەسەلاتدارو ژێر دەستە (الحاکم و المحکوم) پەیوەندی و سلوکی ئەو دوو توێژەش بە یاسا رێك نەخرابێت، واتە دەوڵەت بوونێکی کۆمەڵایەتی‌یەو دەبێت لە لایەن کۆمەڵگەوە ئیحساس بە زەرورەتی کرابێت، دەبێت مەیل و بەرژەوەندی و جووڵەی یەکنەگرتوو و گەلێ جار دژی تاکەکان و مەیلی خراپە خوازی هەندێ لە تاکەکان داخوازی بوونی یاساو دادی بوونی تاکەکان بەو یاسایەو بوونی دەسەلاتێك تا ئەو یاسایە پیادە بکات بێن، تا دەوڵەتی یاسایی ببێت، تا دەوڵەتی یاساش نەبێت دەوڵەت بوونی نابێت!.

هەروەها دەوڵەت وەك بابەتێکی مەعریفی لە دوو دەیەی هەشتاو نەوەدەکاندا لە لێکۆڵینەوە فیکری و مەعریفیەکاندا جێگەی دیاری خۆی هەیەو بابەتەکانی دەسەلات و تواناو کایەکانی

کارکردنی دەوڵەت و دیموکراسی و رێگاکانی هەڵبژاردن و مافی تاکەکان و رێگاکانی شەرعیەتدان بە دەسەلات و ئایدیۆلۆجیای دەوڵەت و دەستوورو هتد. زۆرترین پانتایی نووسینی بیریارو فەیلەسوفەکانی بۆ خۆی بردوە!.

دەوڵەت، بەو هەموو توانا مادی و مینۆکی‌یەی کە هەیەتی، بەو هەموو نهێنیانەی لایەتی بەو هەموو هزرو ئایدیۆلۆجیایەی کە پێیەتی، دەوڵەت گەورەترین دەزگا کۆمەلایەتیەکانی دیکەی لەنێو خۆیدا قووت داوە (وەك دەزگاکانی ئایین و خێزان) زێترین توانا ماڵی و هێزی و مەعریفیەکانی لە خۆیدا قۆرخ کردوە، ناتوانرێت هۆکاری دروست بوونی بۆ تەنها یەك هۆکارو نەبوونیش بۆ تەنها هۆکارێك بگێڕدرێتەوە(١٣).

(گرنگی دەوڵەتی نەتەوە)

بنەماکانی هەبوونی نەتەوە جودان لەو بنەمایانەی کە لە لایەن خێڵ هەن ئەگەر بە وردی سەیری پێکهاتەی نەتەوە بکرێت دەبینرێت جودایە لە خێڵ لە رووی پێکهاتەو بنەماو خەسڵەتەوە بۆ نموونە ئەگەر خێڵ لەسەر بنەمای رەگ و خوێن دامەزراو بێت ئەوا بنەما لە نەتەوەدا هاونەتەوەیی بوونە، پەیوەندیەکان لە نەتەوەدا هەمەکی ترن لە پەیوەندی خێلایەتی، ئەگەر پەیوەندی خێلایەتی بریتی بێت لە پەیوەندی نێوان خێزان و بنەماڵەکانی نێو خێڵ ئەوا پەیوەندی نەتەوە پەیوەندی‌یە لە نێوان هەموو تاکەکانی نەتەوەدا. ئەگەر تاکەکانی پشتیوانی خێڵەکەیان بکەن بەهۆی ئەو رەگەڵەی کە بۆ خێڵەکەیان هەیانە، ئەو تاکەکانی نەتەوە ئینتیمایان بۆ نەتەوەیە!.

ئەگەر خێڵ لە رووی ئابووریەوە پشت بە غەزوو و لە رووی سەندنی مافیشەوە پشت بەهێزی بازووی تاکەکانی نێو خێڵەکەیان ببەستن ئەوە لە نەتەوەدا پشت بە ئابووریەکی جێگیرو لە رووی مافیشەوە پشت بە یاساو چەمکی ماف دەبەسرێت دیارە هەرکام لە ئابووری جێگیرو یاساو مافیش لە پلە رەهاکەیدا تەنها لە بوونی دەوڵەتدا دێنەدی لێرەوە هیگڵ دەڵێت: دەوڵەت رۆحی رەهای کۆمەڵگەیە!.

بە شێوەیەکی گشتی پرەنسیپ و خەسڵەت و ئامادەییەکانی نەتەوە لە هەرکام لەوانەی لای خێڵ هەموانتر و بڵندو ئەبستراکت و نەبینراو ترن ئەو ئامادەییە نەبینراوانەش شیمانەی هاتنە بوونیان نیە تەنها لە دەسەلات و دەوڵەتدا نەبێت، بۆیە نەتەوەی بێ دەوڵەت وەك جەستەیەکی وشك هەڵهاتوو و پاتریاك وایە. بە دەرکی ئەم راستیەش گرنگی بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ نەتەوەیەکی دێرینی وەك کورد دەردەکەوێت!.

(هۆکارەکانی نەبوونی دەسەلاتی کوردی)

بە بۆچوونی بەندە بۆ نیشاندانی رووی راستەقینەی هۆکارەکانی دروست نەبوونی دەسەلاتی کوردی تەنها ژماردن و راڤە کردنی رووکەشیانەی هۆکارەکان بەس نیە بەڵکو نیشاندانی راستەقینەیان بەوە دەکرێت کە لە شروڤە کردنی رووکەشیانەوە بەرەو بن و قووڵایی هۆکارەکان ببرێت تاکو میتۆدو رەوشی زانستیانە بۆ راڤەکردنیان بەکار نەبرێت، لەم میانەشدا دیاریکردنی میتۆدی راڤەکردنەکە لە دیاری کردنی خودی هۆکارەکانی گرنگترە!.

لەوانەیە بە زمانێکی سادەو بە سانایی بتوانرێت هۆکارەکان بۆ هۆکاری خودی (زاتی) و هۆکاری (دەرەکی) دابەشبکرێت: بەڵام دەبێت ئەوە روونبێت میتۆدی راڤەکردنی هەرکام لەو جۆرە هۆکارانە کامەیە؟!

(روانینە بن)

دەشێ ئەوەش بووترێت گواستنەوەی میکانیکیانەی هەرکام لە مەنهەج و میتۆدی ئامادەی مەکتەبە هزریەکان بێ رەچاو کردنی تایبەتمەندیەکانی هەر نەتەوەیەك نەك هەر ئاسۆکانی تێفکرینمان بۆ ئاستی تواناو جێگای نەتەوەکەمان بەرز ناکاتەوە بەڵکو دەلاقە رۆشنەکانیشمان لێدادەخات!.

لە تیۆرەکانی دروست بوون و هۆکارەکانی پەیدابوونی دەوڵەتەوە دەست پێکردن زۆر گرنك و پڕ بایەخە، هەتا بزانرێت ئایا لە سۆنگەی نەبوونی ئەو هۆکارانەوە دەوڵەتی کوردی پەیدانەبووە!. بۆیە تەوزیف کردنی ئەو تیۆرانە تەکێنەری تۆزی تەپەرووی سەر تاقی دەوڵەتە لە دیوی رۆشنبیری کوردیدا.

زانایان لەم بوارەدا چەند تیۆریەکیان بۆ دروست بوونی دەوڵەتە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا داناوەن گرنگترین تیۆرەکانیش: ١-تیۆری ثیولۆجی (ئایینی) ٢-تیۆرەی (هێز) ٣-تیۆرەی پەرەسەندنی خێزان ٤-تیۆری بەندی کۆمەڵایەتی (العقد الاجتماعی) ٥-تیۆری کارلێکی موتیڤە مێژوویەکان روونکردنەوەی کورتی هەرکامن لەم تیۆرانە:[١٤].

(تیۆری تیۆلۆجی)

بە گوێرەی ئەم تیۆرە خوا خۆی دەسەڵات دەداتە دەس ئەو کەس و لایەنەی کە هەڵی دەبژێرێن و شەرعیەتی دەسەڵاتیش تەنها لە لایەن خوداوەیە و ئیدی دەوڵەتیش بناغەیەکی خوایانەی هەیەن ئەگەر بەم تیۆرەش سەیری هۆکاری دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی بکەین ئەوا دەشێ بڵێین: خوا ویستی نەبوە دەوڵەتی کوردی دروست ببیێت، دیارە ئەم دەرەنجامەش بۆچوونێکی ئەفسانەییو دوور لە واقیعە![١٥].

تیۆرەی بەندی کۆمەڵایەتی

تیۆرەی بەندی کۆمەلایەتیش داخوازی ئەوەیە تا دەوڵەت پێك بهێنرێت دەبێت خەڵك لەسەر بەندێك (عقد) رێك بکەون و بە گوێرەی ناوەڕۆکی ئەو بەندەش لەسەر دروستکردنی دەوڵەت و دابەشکردنی دەسەلات رێك بکەون بە خوێندنەوەی واقیعی کورد بەم تیۆرە دەوترێت لاوازی نەتەوەی کورد لەوەدا بوە تاکەکانی نەیانتوانیوە بگەنە ئاستی رێکەوتن لەسەر بناغەی بەندێکی کۆمەلایەتی (العقد الاجتماعی) کە تێیدا لەسەر دامەزراندنی دەوڵەت و رێکخستنی بەندێکی کۆمەلایەتی "العقد الاجتماعی" کە تێیدا لەسەر دامەزراندنی دەوڵەت و رێکخستنی دەسەلات رێك بکەون، بەهۆی پەرەنەسەندنی کۆمەڵگەی کوردی و نزمی ئاستی هوشیاىر تاکەکانی ئەم تیۆرەش ئەگەرچی روویەکی خەڵەتێنەرو فەنتازی هەیە لە رووکەشدا سەیرکردنی سیمای قەناعەت پێکەرو رازی بەخشی هەیە، بەلام بە زێتر تێفکرین و رامان لێی ناراستی نادروستی و تیۆرەکە دەردەکەوێت، چونکە تیۆرەکە لەبەر هێرشی ئەو رەخنانەدا خۆی پێ

ناگیرێت کە لێی دەگیرێن کە گەورەترین رەخنەش ناواقیعی و خەیاڵاوی بوونی تیۆرەکەیە[١٦]، چونکە هیچ کام لە دەوڵەتەکانی دونیا لە سەر ئەو بنەمایەی (گرێدانی بەندێکی کۆمەڵایەتی) دانەمەزراون!

پاشان تیۆرەی هێز دێت؛ کە وای پیشان دەدات دەوڵەت بەهۆی بەهێزبوونی دەستەیەکی نێو کۆمەڵگەو سەپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر توێژو چینەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا دروست بوە، لێرەوە دروست بوونی دەستەو تاکی بەهێزو سەرکردەی لێوەشاوەو خاوەنی کەسایەتی کاریزمی گرنگترین رۆڵی دەبێت لە دروست کردنی دەوڵەتدا، هەر لێرەوە زۆرێك لە هزروانان و زانایان بۆ ئەوە چوون لە گرنگترین هۆکارەکانی دروست نەبوونی دەسەڵاتی کوردی نەبوونی دەستەو تاکی بەهێز بووە؛ کە چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگای کوردی ناچار بکەن بچنە ژێر رکێفیان و دەوڵەتی کوردی دروست بکەن، بەڵام ئەگەر مامەڵەیەکی تەجزیئی هورد لەگەڵ مێژووی کورد بکرێت دەبینرێت مێژووی کورد خاڵی نیە لە سەرکردەی لێهاتوو بۆیە دەشی تەنها ئەم هۆکارەوش بۆ دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بەس نەبێت (تیۆری پەرەسەندنی خێزان).

پاشان تیۆری پەرەسەندنی دەوڵەت لە سیستەمی خێزانەوە دێت، بێگومان خێزانیش لە شێوازە باوکاسالاریە باوەکەیدا، چونکە دەسەڵات بەسەر جەماوەردا دەشوبهێنە دەسەڵاتی باوك بەسەر ئەندامانی خێزانەکەیدا گەلێ لە نووسەران (بۆ نموونە عەتا قەرەداغی)[١٥] یەکێك لە هۆکارەکانی دروست نەبوونی دەسەڵاتی کوردی بۆ بێهێزی باوکی کوردی و نەتوانینی خۆبەسەنتەر کردن و قۆرخ کردنی دەسەڵاتی خێزان لە نێو چنگی خۆیدا دەگێرنەوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی سەنتەر لە نێو کۆمەڵگەدا دروست نەبێت بە بۆچوونی من ئەم مەسەلەیە ئەو دەمە وایە کە بە ناوەرۆکی ئەم تیۆرە رازی بین بەڵام کاتێك دەوڵەتی نەتەوەیی نەك هەر لەسەر بنەمای قۆرخکردن و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لە چنگی کۆمەڵێکی کەمدا دانامەزرێت بەڵکو لە سەر بنەمای دابەشینەوەی دەسەڵات و بەشداربوونی هەرچی زێتری تاکەکان و مافی تاك دامەزرێت!.

## (تیۆری کارلێکی مۆتیڤە مێژووییەکان)

لەبەرئەوەی دەوڵەت مەخلووقێکی فرە لایەنە دەبێت وەك دیاردەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی و هتد.. سەیر بکرێت ئیدی ناتوانرێت هۆکاری دروست بوونی بۆ تەنها یەك مۆتیڤ بگەڕێنرێتەوە بەڵکو دەشێ بەهۆی یەکگرتنەوەی چەندین هۆکاری مێژوویەوە دەبێت، ئیدی نەوەك هەر ناتوانرێت هۆکاری دروست بوون (یاخد دروست نەبوونی) تەنها هۆکارێك بێت، گەلێ لە بیریاران ئەم تیۆرە لە تیۆرەکانی دیکە بە راستتردەزانن، بەڵام ئایا ناشێ پرسیار بکرێت گەلی کورد دوای ئەو هەموو تەمەنەی لەم سەرزەویەدا کە پێی دەوترێت کوردستان بۆچی (دوای رووخانی دەوڵەتی ماد) دەوڵەتی نەتەوەیی دروست نەبوو و ئەو هۆکارانە کارلێکیان نەکردو جێکەوتیان لە دروست بوونی دەوڵەتی کوردیدا نەبوو بۆیە ئەم مەسەلەیەش سەرلەنوێ پێویستی بە تێڕامان و قوول بوونەوەو تەحلیل هەیە.

## دوالیزمەی هۆکارە (دەرەکی و ناوەکیەکان)

## هۆکارە دەرەکیەکان

لێرەدا بۆ ئەوەی تووشی وتنـەوەی شتە تەقلیدیـە وتراوەکـان نـەبین دەشـی لـە ژمـاردن و تەحلیسـلی رووکەشـیانەی ئـەو هۆکارانـە بـەرەو لێکۆڵینـەوەی مەنهەجیانـە هـەنگاو بنێـین بـە بۆچوونی من خاڵی سـەرەکی ئـەم مەسـەلەیە دۆزینـەوەی بزوێنـەرەکانی مێـژوو دیـاریکردنی جۆرەکانی دەسەڵاتە لە مێژوودا بێئەمـەش پـەنا تاریکـەکانی نـەبوونی دەسـەڵاتی کوردی لامان ئاشکرا نابن!.

دیاریکردنی بزوێنـەرەکانی مێژوو، ئـەو بزوێنەرانـەی بوونیـان لـە چنگـی هـەر دەسـتەیەکدا بوەتە هـۆی ئـەوەی دەسەڵات لـە ژێر چنگی خۆیاندا قۆرخ بکـەن لێرەدا دەشێ ئـەو مۆدێلـەی بیریـاری ئـەمریکایی (ئـالڤۆن کوفلـەر) کـە نـەك هـەر جۆرەکـانی دەسـەڵاتی لـە میـژوودا پـێ دیاریکردوە بەڵکو سەردەمەکانی مێژووی لەسەر دابەشکردوە لە کتێبی (وەرگـەڕانی دەسەڵات لـە نێـوان هـێزو مـاڵ و مەعریفـەدا) ئەمــەش ئـەوە روونـدەکاتـەوە کـەوا کوفلـەر سـەردەمە مێژووییەکانی بۆ سەردەمی (هێز) و (ماڵ) و (مەعریفە) دابەشکردووە

واتـە لـە بـەرایی مێـژووەوە تـا ئـەو سـەردەمەی ماشـێن و مەکینـە دەرکـەوت و توانـا لـەبن نەهاتوەکانی پارە دەرکەوتن تا ئەو سەردەمە بزوێنەری مێژوو هێز بووە[١٩]، هێز لە نێو هەموو کایـەکانی ژیـاندا کاریگـەری هـەبوو، بـەڵام بـۆ ئـەوەی لـە سـادەکردنەوەی مەسـەلەکە خۆمـان بپـارێزین دەبێـت لـە راکـانی یاسانـاسـی فەرەنسـی بـەناوبانگ (دیگـی) بـۆ روونکردنـەوەی جۆرەکانی هێز سوود ببەین کە هێز نەك هەر هێزی بازوو و ژمارەی تاکەکان نیە بەڵکو هێزی ئابووری و ئایینی و هێزی رۆشنبیرش دەگرێتەوە، دەبێت ئەوەش بزانرێت بە پشت بەستن بەهێز وەك بزوێنەری سەرەکی کۆمەڵگە لەنێو هەرکام لە کایەکانی کۆمەڵگەدا؛ بۆ نموونە پشت بەستن بـەهێز لە بواری ئابووریدا سیستەمی کشـتوکاڵی دروسـت کـردوە هـەروەها لـە بـواری راگەیاندندا کۆبوونـەوەی تاکەکان و گوتـاردانی راستەوخۆ دروست دەکات هەروەك لە بـواری دەسەڵاتدا دەسەڵاتی سوڵتانی و تاکگەرایی و تۆتالیتاری دروست دەکات بەڵام هیچ کام لەو فۆرمانە بەشێوەیەکی کامڵ و تەواو لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا دەرنەکەوتوون، ئایا ئەمە لەبەر ئەوە بووە توخمی (هێز) وەك بنەمایەکی سەرەکی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا دەرنەکەوتووە، بۆ نموونـە ئێمەی کورد لـە مێـژووی خۆمانـدا وتـاریێژی بـەناوبانگ و ناسـراوی وامـان نـەبووە کـە هـەموو کۆمەڵگەی کوردی بخاتـە ژێر کاریگـەری گوتـە سـیحراویەکانی، نـەك هـەر ئەمـە بـەڵکو سەرکردەیەکی سوڵتانی تۆتالیتاری واشمان نەبووە ترس و لەرز بخاتـە دڵـی میرە کوردەکان و ناچاریان بکات بچنە ژێر رکێفی فەرمانەکانی، بەڵکو تەنانەت سیستەمێکی کشتوکاڵی کامڵی واشمان نەبووە کە خولی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی خۆی لـەنێو کۆمەڵگـەدا تـەواو بکـات و کۆمەڵگەی کوردی بکاتە کۆمەڵگەیەکی خود بژێوی وا سەربەخۆیی ئابووری بێنێتە دی، بەڵکو زۆربەی بەرهەمە کشتوکاڵی و ئاژەڵیەکان چوونەتە دەرەوەی کوردسـتان و بـازاڕی شـارەکانی دەوڵەتەکانی دراوسێی کوردستانیان پڕ کردوە!.

ئایا کورد هێزی نەبوو ئەو سەردەمەی هێز بزوێنەری مێـژوو بـوو تـا بیکاتـە بنـەمای دروست بوونی دەوڵەت (دەوڵەت بە فۆرمی ئەو رۆژەی).

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت چەمکی هێز لای (دیگی) روونبکەینەوە چونکە لای دیگی هێز نەك هەر هێزی بازوو نیە بەڵکو هێزی ئابووری و ئایینی و کولتوریش دەگرێتەوە هەروەها هێزی جێگە (مەکان) و مەوقیعی جوگرافیش دەگرێتەخۆ!.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە چەمکی هێز چەمکێکی رێژەییە واتە ناتوانرێت ماهیەتی دیاری بکرێت بە بەراورد نەبێت لەگەڵ هێزەکانی دیکەدا بۆیە تەنیا ئەوە بەس نیە کە ئەوە روونبکرێتەوە کورد چەند هێزی هەبووە لە هەرکام لە کایەکاندا بەڵکو دەبێت ئەوەش روونبکرێتەوە هەرکام لەو هێزانە لە چاو هێزەکانی دەورو بەردا چەند بووە!

ئەگەر هەر کام لە جۆرەکانی هێزی ئابووری و ئایینی و کەلتووری و جیۆپۆلەتیکی کوردی لێکبدەینەوە دەبینین: هێزی ئابووری کورد سیستەمی ئابووری کورد سیستەمێکی خود کە فاو جێگیر نەبوە کە بازاڕی بەرهەمەکانی لەنێو خۆدا بێت بەڵکو ئابووریەکی لەبەر رۆشتوو و رژاو بووە بۆ نێو بازاڕەکانی دەوەری کوردستان، بە پێچەوانەی ئابووری نەتەوەکانی دەوروبەر نەك ئابووری لەسەر رۆیشتووە نەبوون بەڵکو هەڵمژی بەرهەمەکانی دەوروبەریان بوون بۆ نێو هەناوی خۆیان!.

لە رووی هێزی ئایینیشەوە لە دوای رووخانی دەوڵەتی مادو کردنی ئایینی زەردەشتی بە ئایینی رەسمی دەوڵەتی هاخامشی فارسی ئیدی بنەڕەتە کوردیەکەی ئەو ئایینە بوە بە ژێرەوە بۆیە کورد هەست بە ئیغتیرابی رۆحی کردوە ئەلیناسیۆن لە نێوان کوردو ئایینی زەرشیتدا رووی داوە، کورد ئەو دەمانە هەستی نەکردوە خاوەنی ئایینی سەربەخۆی خۆیەتی بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە قووڵەکانی نێو رۆحی لە ئەزمونە ئایینیەکانی دەوروبەری سوودی بردووە. بێئەوەی ئەو ئەزمونانە تەواو گونجاو لەگەڵ ئیحساس و خرپەی رۆحی ئەودا بن هەروەها لە رووی کولتووریشە وە گەڕانەوەیەك لە کولتوری کوردیدا دەبینرێت لە کولتووری نوسراوی سەر دەمە پێشینەکان تا کو روخانی دەوڵەتی ماددەوە بۆ رۆشنبیری وتراوی سەر زاری دواتری خێڵە کوردیەکان، کە دیارە جیاوازی نێوان رۆشنبیری نووسراو و وتراو رەهەندی فەلسەفی و هزری زۆری هەیە کە هێزی رۆشنبیری وتراو هەرچەند بێت ناتوانێت بەرامبەر رۆشنبیری نوسراو بێتەوە!.

وا دەبینم هەمیشە کەم هێنانی هێزی کوردی لە چاو هێزی دەوروبەریدا فاکتەری بەهێزی دروست نەبوونی دەوڵەتی زلهێزی کوردی بووە ئەگەرچی کورد سوودی لە هێزی خۆی بینیوە بۆ دروست کردنی دەسەڵات و مۆڵەتی کۆکاڵ و ناوچەیی

## (پارەی سپی)[٢٠]

سەردەمی دووەم لای ئالڤون کوفلەر ئەو سەردەمەیە کە پارە وەك پشتیوانی دەسەڵات و بزوێنەری مێژوو جێگەی "هێز"ی گرتەوە، ئەمەش جێکەوتی خۆی لەسەر هەموو کایەکانی ژیان بەجێهێڵا ئەو سەردەمەی ئامێر داهات ئەو دۆزینەوەی تەنها گۆڕانێك نەبوو لە تەکنەلۆجیاو زیادکردنی داهێنانێکی نوێ نەبوو، بەڵکو داهێنانێك بوو وەرچەرخانێکی ریشەیی لە هەمو بوارەکانی ژیاندا هێنایە کایەوە.

هەر بۆ نموونە دەوڵەتی ئیمپراتۆری گۆڕی بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی مەرکەزی، لەگەل خۆی دەزگاکانی چاپ و کەناڵە مەرکەزیەکانی دەوڵەتی هێنایە ناوەوە کارگە پیشەسازی و بورژوازیەتی نوێی هێنایە ناوەوە گەڕان بە شوێن بازاڕو مادەی خامی دروست کرد بۆیە ئەو کەسەی مادەی خامی لە دەستدا بوو پارەشی کەوتە دەست. پاشان دەسەلات و دەوڵەتیش لە دەست ئەودا قۆرخ کرا، بەلام ئەم سەردەمەش بۆ کورد نەبووە مایەی دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی!؟

دیارە داهێنانی ئامێرو رێنیسانسی ئایینی بوونە هۆی گۆڕانی ریشەیی لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا لە رۆژئاوا بابەتەکانی مۆدێرنیزم و مافی مرۆڤ و دەوڵەتی نەتەوەیی سەری هەڵدا، کە زۆربەی بیریاران دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ ئەم سەردەمە دەگێڕنەوە.. دوای داهێنانی رۆژنامە ئیدی زمانە لۆکاڵیو ناوچییەکان جێگای زمانی سەرتاسەری وەك زمانی لاتینی گرتەوە، ئەمەش بویە هۆی تەقاندنەوەی توانا نەتەوایەتیەکانی گەلان کە ئەمەش کاریگەرترین داخوازی دروستکەری دەوڵەتی نەتەوەیی بوو، دیارە ئەمەش لە نێو ئەوروپای سەنتەر دابوو، بە حوکمی ئەوەی سەردەمەکە سەردەمی (کارگەو پارەو بازاڕ) بوو و دەوڵەتەکانی دەوروبەریان بەم هێزانە دەخستە ژێر رکێفی خۆیان.

رۆژئاوا (دونیای کەمینە) نەیتوانی بە هەموو شێوەیەك دونیای ئەو رۆژە (زۆرینە) تەنها بەهێز بخاتە ژێر رکێفی خۆی، ئەمەش شیمانەی بەرەنگاربوونەوەی لە لایەن نەتەوەی کۆلۆنیالکراوەوە زۆر بوو و بۆ ئەمەش رۆئاوای ناچار بوو بە دانانی حاکم و دەسەلاتداری ناوچەیی تا ئەو بەرەنگاریانەی بۆ کپ بکەن، ئەمە بێجگە کە نوێنەری دەوڵەتی کۆلۆنیال لە ناوچەکەدا ئەمەش جۆرێك لە حوکمی ناوخۆیی لە ناوچە داگیر کراوەکاندا هێنایە ناوەوە هەر ئەم حوکمە ناوخۆیانەش ناوکی دروست بوونی دەوڵەتەکانی دواتر بوون بەلام کورد تەنانەت لەو حکومە کاوتۆنیانەش بێبەش بوون، بەلام کورد تەنانەت لەو حوکمە کارتۆنیانەش بێبەش بوو (رەنگە ئەمە هۆکاری خودی هەبێت) بەلام بێگومان هەندێ هۆکاری دەرەکیش بووبوونە هۆی نەبوونی ئەو دەسەلاتە کە بە بۆچوونی من دەکرێت بەم شێوەیە شرۆڤە بکرێت، کە دونیای دەرەوەی رۆژئاوا دوو شێواز بوو، یەکەم: ئەو میللەتانەی کە لە لایەن رۆژئاواوە کۆلۆنیال کرابوون بەشی دووەم: ئەو میللەتانەی بێجگەو لە کۆلۆنیالکردنیان لە لایەن دەوڵەتە رۆژئاواییەکانەوە بێجگە لەو جۆرە داگیرکردنە جارێکی دیکە لە لایەن دەوڵەتە کۆلۆنیالکراوەکانەوە کۆلۆنیالی کرابوون، واتە ئەگەر نەتەرەکانی دیکە لە لایەن دەوڵەتە رۆژئاواییەکانەوە داگیرکرابوون ئەوا جۆری دووەم لە لایەن دەوڵەتە داگیرکراوەکانەوە داگیر کرابوون کۆلۆنیالیی پلە دوو بوون، بۆیە هەمو هۆکارەکانی بوژاندنەوەی نەتەوەو گوتاری نەتەوەیی لای ئەمان درەنگتر کەوت بەڵکو لای زۆریان نەهاتۆتە دی کە رەنگە گەورەترینیان نەتەوەی کورد بێت کە هێشتا خەون بەهێنانە دی دەسەلاتی نەتەوەیی و دەوڵەتەو دەبینن، کە رەنگە ئەوەش تاکە رێگەی گەڕانەوە بێت بۆ نێو مێژوو وەك چۆن کەسێکی وەك فۆکۆیاما دەڵێت: کوردەکان لە دەرەوەی مێژوودان

(سەردەمی مەعریفە)

ئەم سەردەمەش لە کۆتایی نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەوە دەست پێدەکات، ئەو دەمەی (ژمێریاری ئەلکترۆنی[٢٢] بڵاوبوویەوەو هەست بە توانا لە ڕادە بەدەرەکانی کرا، کە داهێنانی ئەم ئامێرە لە بنەوە هەموو بنیادو ستراکچەری پەیوەندیە مرۆییە تەقلیدیەکانی هەڵوەشاندەوە بە جۆرێکی دیکە دایڕشتنەوە، کە گەورەترین بابەتیان گواستنەوەی بزوێنەری مێژوو و بنەمای دەسەڵات بوو لە پارەو مادەی خامەوە بۆ توانای زەین، واتە توێژی ئەنتلۆجلیسکا (کرێکاری مەعریفی) ئەو کارمەندانەی تەنیا بە زەینیان ئیش دەکەن جێگەی چینی پرۆلیتاریای کارگە زەبەلاحەکانی سەردەمی (ماشێن)یان گوتەوە، چونکە ئەم سەردەمە بە ژمارەیەکی کەمی کەس و خاوەن توانای زەینی زۆرەوە بەڕێوە دەچێت، کە ئەمەش گۆڕانکاری ریشەیی لە زۆربەی کایەکاندا هێنایە ناوەوەن لە ڕاگەیاندندا ترازاندنی دەسەڵاتی کۆنترۆڵی دەوڵەت بوو بەسەر کەناڵەکاندا بە قازانجی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە، واتە سەنتەریەتی ڕاگەیاندن لە دەستی دەوڵەتدا نەما، تەنانەت دەسەڵاتی سیاسیش ڕەهایی و ئازادی تەواوی جارانی نەما، بەڵکو لە بەرامبەریدا کۆمەڵگای مەدەنی و ئازادی بازاڕو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دەسەڵاتی فراوانیان پەیدا کرد، ئەکارێ بووترێت ئەم قۆناغە سەردەمی دەسەڵاتی زێتری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانە (ڕێکخراوە نێودەوڵەتی سیاسی، ئابووری، ژینگەییەکان)، هەرچی گەورەتر بوونی دەسەڵاتی کۆمەڵگەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە بەرامبەر بچووك بوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت، لە دەست دانی سەنتەریەتی دەوڵەت و دەرکەوتنی دەزگا جیهانییەکانی دەرەوە، وێنەی دەرکەوتنی چەمکەکانی جیهانگیری و تۆڕی ئەنتەرنێت و، بۆیە لە بەردەم ترسی نەمانی دەوڵەتی نەتەوەیدا نەتەوە گەورەکانی جیهان لە هەوڵی ئەوەدان خۆیان بە سیستمەکانی وێنەی کۆمەڵگەی مەدەنی و پشت بەستن بە دیموکراسی و بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ و مافی کەمینەکانی خۆیان پڕ چەك بکەن واتە دانانی کولتووری نەتەوەیی جێگرەوەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی لە حاڵەتی ئەگەری نەمانی یاخود لاواز بوونیدا.

بەلام ئەو نەتەوانەی تا هەنووکەش نەبوونەتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی تەنانەت خاوەنی کەسایەتی یاسایی نێو دەوڵەتیش نین و نەگەیشتوونەتە حاڵەتی ڕۆحی ڕەهای نەتەوەییان لە هێنانەدی ئامادەییە نەتەوایەتییەکانی خۆیاندا کەیل نەبوون، گرفتەکە بۆ ئەوان جۆرێکی دیکەیە ئەگەر لەم سەردەمەدا میللەتانی دیکە ترسی نەمانی دەوڵەتی نەتەوەییان بێت، ئەوا ئەمان لە ئەندێشەی دروست کردنی ئەو دەوڵەتەدان، بۆیە بەرووکەش وا دەردەکەوێت سەختی ئەم مەسەلەیە سەبارەت بەمان چەند قاتە!

بەڵام بە لێکدانەوەی وردو تەفکیکی مەسەلەکە دەردەکەوێت کە ئەوە ڕاستە دەرکەوتنی ئەو سیستەمانەو وەرگرتنی تواناکانی دەوڵەت لە دەوڵەت و هەیبەتیان لە دەوڵەت زێترەو ترسی نەهێشتنی ئەو دەسەڵاتە نەتەوەییەیان زوو کردوە، لێرە دەشێ ئەوەش بوترێت ئەو دەزگایانە ڕۆڵی دوو لایەنە دەبینن، یانی هەر ئەم دەمەی ترسی لەناوبردنی دەوڵەتی نەتەوەیی پەیدا

دەکەن، راست هەر ئەو دەمەش دەرگاش لەسەر ئەو نەتەوانە دەکەنەوە کە لە ژێر چنگی دەوڵەتانی دیکەدان تا سوود لەو کرانەوە جیهانیە ببینن و هەوڵی گەیشتن بە مافی خۆیان بدەن، کە بوونی دەسەڵاتی نەتەوەییش یەکێك لەو مافانەیە.

بۆیە بە سوود بینین لە شیمانەکانی قۆناغەکە هەلێکە بۆ دروست کردنی دەسەڵاتی نەتەوەیی بە پشت بەستن بە پرەنسیپەکانی قۆناغەکە، ئەو پرەنسیپانەی میللەتان بۆ پڕکردنەوەی لاوازیەکانی دەوڵەت هەوڵیان بۆ دەدەن ئەوا ئێمە دەشێ بۆ هێنانە دی ئەو مەخلوقە هەوڵیان بۆ بدەین بەتایبەت پرەنسیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی مرۆڤ و پێشکەوتنە تەکنەلۆجیەکان.

(هۆکارە ناوەکیەکان)

گەلێ هەوڵی جیددی بۆ شیتەڵکردنی کەسایەتی کوردی و کۆمەڵگەی کوردی دراون، تەنانەت هەندێ نووسەر چەند بابەتیان لەسەر شێوە ناسی و سەنسرۆپۆلۆجیای جەستەیی تاکی کورد نووسیوە، تا لەو رێیەوە هۆکاری دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی روونبکەنەوە، واتە تەحلیلی سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجیان کردوە بۆ کەشف کردنی بۆشاییەکانی نێو پێکهاتەی دەروونی و رۆحی تاکو کۆمەڵگەی کورد، ئەو بۆشاییانەی لەمپەری رێی دروست بوونی دەسەڵاتی نەتەوە بوون)(٢٤).

وا دەبینم ئەو جۆرە دیراسانە ناگەنە مەرامی خۆیان، ئەگەر هەرکام لە دیراسە سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجیەکان لەگەڵ لێکدانەوە فەلسەفی هزریەکاندا پێکەوە نەبەسرێنەوە.. هەوڵی دەرخستنی ستراکچەری قووڵ و نەبینراوی پشت ئەو کەسایەتی و پێکهاتە سۆسیۆلۆجیە نەدرێت، بۆ ئەمەش دەشێ رێبازو میتۆدی تایبەتی بەکار ببرێت، بەڵام دەشێت دووبارە ئەو تێبینی‌یە بدرێت کە لە بەکارهێنانی هەر رەوت و میتۆدێکی راڤە کردندا دەبێت تایبەتمەندی کوردی تێدا رەچاو بکرێت، چونکە ناشێ هیچ میتۆدێکی هزری بە میتۆدو ئیستیلی ئامادەوە بگوازرێنەوە.

وا دەبینم بۆ شیتەڵکردنی کەسایەتی و کۆمەڵگەی کوردی تەوزیفکردنی تیۆرەی دیاردەناس و (فینومینولۆجیای) لای مۆسرەڵ تیۆریەکانی (کاریگەری هەڵگرانی بیر)ی قوتابخانەی فیبەر لە کۆمەڵناسیدا یارمەتیدەری باشی ئەم بوارەن، بەکارهێنانی ئەو دوو مۆدێلەش بۆ شیتەڵکردنی کەسایەتی کوردە لە سەرەوەختی روخانی دەوڵەتی ماددەوە لەم نێوەندەشدا دوو رەهەندی بینین و عەقڵی ئەو کەسایەتیە جێگەی تێڕوانینمانە، ئەمەش لەبەرئەوە نیە، هەرکام لەو دوو توانایە (عەقڵ و بینین) لە تواناکانی دیکەی مرۆڤ پیرۆزترن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە مامەڵە کردن لەگەڵ هەرکام لەو دوانەدا زێتر دەبێتە مایەی روونترکردنەوەی ئەو بابەتەی ئێمە لە پای روونکردنەوەیداین، ئەمیش لەبەر ئەو پەیوەندیە راستەوانەی لە نێوان بینین و هزری هەر مرۆڤێکدا هەیە، هەروەها دیدی هەر مرۆڤێك بۆ عەقڵ جۆری بەکارهێنانی عەقڵ دیاریدەکات، واتە بەکارهێنانی عەقڵ پابەندی مەرجێکی پێشتری عەقڵە کە ئەویش پێناسەی عەقڵەو روئیاو دیدی خاوەن عەقڵەکەیە بۆ ئەو عەقڵە، ئەمە بێجگە لەوەی رێژەی هاوکاری پێکەوە بەستراوی

جۆری ئەو دوو توانایە ئاستی ژیاری هەر نەتەوەیەك دیاری دەكات، تێپەڕاندنی بەكارهێنانی ئەو دوو توانایە لە بەكارهێنانی سادەوە بۆ بەكارهێنانی كەڵەكەبوو و پلە قووڵ نیشانەی بەرز بوونەوەی ئاستی مرۆڤە لە ژیانی ئاژەڵیەوە بۆ نێو ژیانی مرۆڤانە، ئەوەشمان لەبەر چاو گرتوە كاتێك كە دەڵێین (چاو و زەین) (بینین عەقڵ) مەبەستمان لە بینین و عەقڵی نەتەوەیە نەوەك بینین و عەقڵی تاكەكانی نەتەوە، بۆیەش باسی بیستن ناكەین چونكە بە بۆچوونی ئێمە رادەی وەرگرتن وە تێگەیشتنی شتە بیستراوەكان بەستراوە بە جۆرو ئەندازەی بینین و ناسینی عەقڵەوە چونكە بیستن تەنها گوزارەكان دەگەیەنێت ئیدی وێناكردن و تێگەیشتنیان پەیوەندی بە بینراوە پێشینەكان و مەنهەجیەتی پێشتری بیركردنەوەمانەوە هەیە!.

بۆ نموونە ئەوە زێتر لە سەدەیەكە ئێمەی كورد باسی دەوڵەتی نەتەوەیی دەبیستین بێ ئەوەی ئەو تەرزە دەوڵەتە لامان دروست بووبێت، ئەوە لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت كە تەنها بە بیستن وەرمان گرتبێت ئیدی بێئەوەی لە بینین و تێگەیشتنی پێشتری عەقڵیەوە سەری هەڵدابێت.

سەبارەت بە بینین؛ تا بینینی مرۆڤ زێتر بێت حاڵی بوونی زێتر دەبێت، ئەمە تەنها زێتر كردنی شتە بینراوەكان نیە بەڵكو فراونتركردنی جیهانبینییە، لێرەوە دەڵێین هیچ شارستانیەتێك بێ كۆچ دروست نەبووە، چونكە كۆچ تەنها گواستنەوەی شوێنكاتی جەستە نیە، بەڵكو گۆڕینی بینراوەكان و پەیوەندیەكانی جەستەو زەینە لەگەڵ دەوروبەر، ئەمەش پەیوەندی راستەوانەی لەگەل عەقڵدا، هەیە، چونكە عەقڵ(٢٥) هەمیشە وێنایەكی كاملی لە زەینی خۆیدا بۆ جیهان داناوە كە خۆیشی بەشێكە لەو جیهانە)؛ كاتێكیش رووداوێكی نوێ دەچێتە نێو زە ین بینراوێكی جۆری نوێ دەبینێت، ئەوا تەنها زانراوێكی نوێی زیاد نەكردوە، بەڵكو سەرجەم پەیوەندی و نەخشەكانی نێو زە ینی گۆڕیوە، هەروەك لە گۆڕینی هەركام لە داشەكانی شەترەنج تەنها ئەو داشەت نەگۆڕیوە بەڵكو لە رێی گۆڕینی ئەو داشەوە دەسكاری هەمو داشەكانی دیكەت كردوە چونكە جێگەی هەركامێكیان بە نیسبەت ئەوانی دیكەوە گۆڕاوە!.

بۆیە دۆزینەوەی هەندێ داهێنان تەنها داهێنانی نوێ نین بەڵكو تێكدەری وێنەكانی نێو زەینی مرۆڤن جێكەوتیان لەسەر گۆڕینی جێگەی مرۆڤ لە جیهاندا دادەنێن.

عەقڵ خەزێنەیەكی پێشینی زانراوەكان نیە بەڵكو جیهانێكی تەواو و وێنایەكی كاملە، بەروودانی رووداوە نوێكان ئەو وێنایە فراوانتر دەبێت، بۆیە بە گۆڕانی رووداوە نوێكان ئەویش دەگۆڕێت مرۆڤ ناتوانێت لە شتێك تێبگات كە ئەو شتە یاخود وێنەی ئەو شتەی نەدیبێت!.

مرۆڤێكی خێڵەكی ئاستی بینینی تا خێڵەكەی خۆیەتی و پەیوەندیەكانی لەسەر ئەو ئاستە دادەڕێژێت، رازیە بەقەدەرو كەوشەنەكانی ئەو سیستەمە ناتوانێت لە مامەڵەی نەتەوایەتی تێبگات، بەڵكو كاتێكیش باسی نەتەوەو گوتاری نەتەوەیی بۆ دەكرێت (كە ئەمەش مامەڵەیەكی بان خێڵەكیە) ئەو دەیهێنێنە ئاستی تێگەیشتنی خێڵەكیانەی خۆی دەیەوێت دەریایەك بئاخنێتە نێو گۆزەیەك وەك مەولانای رۆمی دەڵێت، ئەمەش گرفتی بابەتە بیستراوە

نەبینراوەکانەو گەورەترین گرفتی کوردیشە، چونکە لە سایەی سیستەمی نەتەوایەتیدا نەژیاوین و مامەڵەی خێڵەکیانەی لەگەل بابەتە نەتەوەییەکاندا دەکەین، ئێمە لە ئاستی خێڵدا چاك لە عوهدەی گرفتەکانداین، لە ئاست ئاشتی و شەڕەکانی خێڵەکانداین، بەڵام کاتێك مەسەلەکان دەبنە بابەتی نەتەوەیی ئیدی دەستەپاچە دەبین چاك دەزانین تۆڵەی ستەمی خێڵەکان بکەینەوە بەڵام لە بەرامبەر ئەو ستەمانەی لە نەتەوەکەمان دەکرێن ئەبڵەق و حەپەساوین.. ئەمەیە کرۆکی فەلسەفەی فینومیتۆلۆجیای هۆسرەل (کاریگەری وێنەکانی ناو زە ین لەسەر بابەتەکانی دەرەوە) لە بری چوون بۆ نێو ڕووداوەکان گەیشتن بە ئاستیان، بچووك کردنەوەو خزاندنیان بۆ نێو زەین و بەخشینی وێنەکانی نێو زەین پێیان هۆسرەل بۆ تێگەیاندنی ئەم مەسەلەیە سینەما بە نموونە دەهێنیتەوە: لە سینەمادا ئەو فیلمە لەبەر دەمماندا دەیبینین لە پشتمانەوە بۆمان لێدەدرێت، گەلێ جار ئەو تێگەیشتنانەی وا دەبینین بە تێگەیشتن لەو ڕووداوەکانی دەرەوە لێیان حاڵی بووین وێنەمان گرتوون لە ڕاستیدا وێنەی نێو زەینی خۆمانمان پێ بەخشیون.

بەڵام ئاخۆ کورد کەی بینین و زەینی بەرەو بچووك بوونەوە چوو؟ بە بۆچوونی من ئەمە خاڵی جەوهەری تێگەیشتنی ستراکچەری ئەو مەسەلەیەیە کە ئێمە لە پای ڕوونکردنەوەیداین چونکە بەپێی ڕەوشی زانا سۆسیۆلۆجیستەکانی مەکتەبی فیبەری بێژوك تیۆری (کاریگەری هەڵگرانی هزرەکان Corriers لەسەر هزرەکان) لای و (نێرگ) کە تێیدا دەڵێت ئایدیاو بیروڕاکان لە زەمەنی ڕووبەڕوو بونەوەیان لەگەڵ ڕێگرە کۆمەڵایەتیەکان لە بری کاریگەریان لە زەرفە کۆمەڵایەتیەکان خۆیان دەچنە نێو ئەو زەرفە کۆمەڵایەتیانەوە، ئەگەر ڕووداوەکان فراوانکەری زەین و بینین دواجار جیهانبینی بن، ئەوا هەمیشە هزری نەتەوایەتی براوەتە چوەتە قاڵبی زەرفەکانی خوار خۆی، واتە عەقڵ و بینینی نەتەوایەتی براوەتە ئاستی بینین و عەقڵی بچووکتر لە نەتەوە+.

هەندێ لە نووسەران ئەمە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە گوایە کۆمەڵگەی کوردی توانای دروستکردنی بکەری مێژوویی و ڕووداوسازێنەری نەبوە بەڵام کارا نەبوونی تاکی کوردی خۆی بە خۆی دەرەنجامی هەندێ فاکتەری قووڵترە، هەندی لە نووسەران بۆ شکستی کەسایەتی تاکی کوردی دەگێڕنەوە لە پاش ڕووخانی دەوڵەتی ماد، بە بۆچوونی من تەنانەت ئەم مەسەلەیەش ناشێ وەك فاکتەری بنچینەیی دابنرێت، چونکە خۆ لە مێژوودا تەنها کورد تووشی شکستی لەو بابەتە نەبوە بەڵکو چەندین لە نەتەوەکانی دیکەش لەو نسکۆ و شکستانەیان بەسەردا هاتووە، بۆیە پێویستە بۆ دەرخستنی قووڵایی ئەم مەسەلەیە بۆ پەیوەندی دوالیزمەی هزر/ بینین بگەڕێینەوە، وەك ئەوەی د. شەریعەتی بۆ خوێندنەوەی کەلتوری فارس[٢٦] بۆردیۆ بۆ خوێندنەوەی ژیانی بەربەریەکانی جەزائیرو مەغریبی بەکارهێنا.

لەبەرئەوەی نەبینینی ڕووداوە جۆری و نوێیەکان دەبێتە هۆی وەستانی زەینی مرۆڤ بەڵکو تووشی پووکانەوەی دەکات، لەبەر ئەوەی زیادبوونی ڕووراوە جۆریەکان نەك هەر جیهانبینی مرۆڤ گەورەتر دەکات، بەڵکو زەینی گورجتر دەکات، توانای ئامادەیی گەورەتربوونی پێ

دەبەخشێت ئەگەر دالەکانی پۆپەر بەکاربهێنین زەینی کراوە دروست دەبێت، کە ئەو زاراوەی کۆمەڵگە کراوەی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی کراوەش ئەو کۆمەڵگەیەیە کە هەمیشە ئامادەی وەرگرتنی شتی نوێیە، لەوانەیە کۆمەڵگەی کوردی نەك هەر کۆمەڵگەیەکی کراوە نەبێت بەڵکو کۆمەڵگەیەکە کەشفی ئامادەییە نەتەوەییەکانی خۆی نەکردوە بۆیە هەمیشە لە ئاستی غەریزەدا کاری کردوە.

رۆڵی جوگرافیاو تەسکی ئاسۆی بینین و دۆڵەکانی نێوان شاخەکان و لێکدابڕان کاریگەری خۆی لەوو مەسەلەیەدا هەبووە تا ئاستی پووکانەوەی زەینی شارستانیەتی مادو سادەبوونەوە بۆ مامەڵەی فەریزیانە!.

لێ ئەمە ئەو دەمە روویدا کە دوای رووخانی دەوڵەتی ماد ئیدی کوردەکان بۆ نێو شاخەکان کشان مانەوەیان لەنێو ئەو شاخانەو بوونی خاکەکەیان بە بەشێ لە شەڕگەی هێزە جیهانییەکان هەروەها زوو زوو سوتان و لەناوبردنی ئەوەی پێکیانەوە دەنا لەلایەن نەتەوە داگیرکەرەکانەوە، بە حوکمی ئەوەی ئەوانەی کوردستانیان داگیر دەکرد وەك ئاستی هێز (توانای سەربازی و ژمارە) لە کورد زێتر بوون، هەمیشەش بە پلەی یەکەم و گرنگترین خولیای کورد مانەوە بووە نەوەك نیشاندنی تواناکانی تەحەدا کردن، بۆیە تەنانەت پێکهاتەی خێڵی کوردیش پێکهاتەیەکی لاوازو ناکامڵ بووە، هەر بۆیەش نەیتوانیوە فیدراسیۆنی خێڵەکان وەك بناغەیەك بۆ دروست بوونی دەوڵەتی کوردی پێك بهێنێت، پێچەوانەی ئەوەی کە دەوترێت کورد تا قوڕقوڕاگەی لەنی، پێکهاتەی خێڵ و هزری خێلایەتیدا نغرۆ بووە، مامەڵەی کورد مامەڵەیکی نیوە تاك/ خێڵانە بووە، بێگومان ئەگەر مامەڵەی خێڵانەی تەواو بوایە، بێگومان دەگەشتە فیدراسیۆن و یەکگرتنی خێڵەکان ئەمە کۆپلەی نوێیە بەڵام ئەگەر تەفکیکی خەسڵەتەکانی کەسایەتی کوردی بکرێت زۆرتر خەسڵەتی (تازی/ غەریزین) نەوەك خەسڵەتی خێڵانە (کۆمەڵی/ بان غەریزە) چونکە هەر جۆرێك بێت.

مامەڵەی خێڵانە مامەڵەیەکی گشتگیرترو موجەرەدترە رۆحی بە کۆمەڵ بوون و پەیوەندی نەبینراو تێیدا بەهێزترە بە پێچەوانەی مامەڵەی تاکەوە کە هەمیشە لە ئاستی بینراو و رووکەشدایە.

مامەڵەی تاکی (نیوە تاکی) هەمیشە لە هەڵبەزو دابەزو گۆڕانی خێرادایە هەر بۆیە سەیر دەکەی یەکێك لەو خەسڵەتانەی رۆژهەلاتناس و کوردناسەکانی هێناوەتە سوڕمان کۆبوونەوەی دژەکانە لە نێو کەسایەتی کوردیدا؛ زۆری ژمارەی کۆست و کوژراوو شینەکان لەگەڵ ئەوەشدا زۆری زەماوەندو سەمای کوردانەو خۆشی نیشان دان، وا دەبینم مامەڵەی کورد مامەڵەیەکی بە بونیادو جێگر نەبووە بۆیە لە دوندی توڕەبوون و حەماسدا شل بوەتەوەو خەڵەتێنراوەو فریو دراوە؟

لە نووسینێکی دیکەدا کە لەسەر هەڵەبجەم نووسیوە[٢٧] زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە چووم خەسڵەتە تاکی و کۆمەڵیەکانم بە تایبەت تاکیەکان لە رووی شرۆڤەکانی زانستی ئەنسرۆپۆلۆجیاوە شی کردۆتەوە لەوانەو گەورەترینیان نەبوونی بونیادو سیستمێکە کە ببێتە مایەی دووبارە بوونەوە، رەنگە هەر ئیعازێك جێکەوتێکی لەسەری هەبێت، بەڵام مەرج نیە

هەمان ئیعاز لە سەردەمێکی دیکەشدا هەمان جێکەوتی لەسەر کەسایەتی ئەوبێت، لەبەر ئەوەی مامەڵەیەکی غەریزی بێ بونیادە زوو تێپەڕە زوو بەسەر دەچێت لەبیر دەچێتەوە، چونکە غەریزە پاش تێربونی کەمتر کاریگەری پاشتری دەبێت، هەر بۆیە کورد زوو تووڕە بووەو زووش شتەکانی لەبیر کردوە، بێجگە لەوەی مامەڵەی تاکی تەفاعول لەگەڵ دەوروبەریدا مامەڵەیەکی ویژدانی و شیعری و سۆزاوی‌یە و کوردیش بابەتە سۆزاویەکانی زۆرە، تاك مانا دەداتە ژیانی بێگومان هیچ تاکێك ناتوانێت بێ مانا بژی مانایەکی گشتگیرو هەمەکی، لێ مانا تاکیەکان هەمیشە بچووکترن (بە قەد بینینی تاك) بۆیە ناتوانن دەربڕی ئیحساسە گەردوونیەکان بن، بۆیە ئەدیب و شاعیرە کوردەکان لە بابەتە تاکیەکاندا سەرکەوتوو ترن (سروشت و دڵداری) تا بابەتە یۆنیڤێرساڵ و گەردوونیەکان شاعیرە سۆفییستە کوردەکان سەخت لە ژێر کاریگەری سۆفیە فارسەکاندا بوون (مەولانا، حافیزی شیرازی، شێخی سەعدی) تەنانەت (مەولەوی، مەلای جزیری‌ی، مەحویش) کە دوندی تەسەوفی کوردن لەو کاریگەریانە نەبوێرداون.

مامەڵەی کورد لەگەڵ مردوەکانیدا مامەڵەیەکی شۆزادی تاکانەیەو نەگەیشتۆتە ئاستی مامەڵەی بە کۆمەڵ و سروت ئامێز.

یاساکانی کۆمەڵ هەمواندنی یاسا تاکیەکان نین، بەڵکو گەلێ جار لە گەڵیان دژ دێنەوە هەر بۆ نموونە مامەڵەی غەریزی تاکانە لەگەڵ مردوودا تا لە چرکەساتی مردنەکە دوور تر بکەوێتەوە کاریگەری کەمتر دەبێتەوە، ئەو تاکەی مەرگ لە خۆشەویستێکی دەکات لە سەرەتاوە کاریگەری زۆری لەسەر هەیە بەڵام بەرەبەرە ئەم کاریگەریە کەمتر دەبێتەوە، تا وای لێدێت کاریگەریەکەی نامێنێت، لێ مامەڵەی کۆمەڵ لەگەڵ مردوودا (پاڵەوان و شەهیدەکانی نەتەوە، یادی کارەساتە نەتەوەییەکان) نامرن (زیندوون لە دڵی میللەتدا دەژین) چونکە ئەمانە بونیادێکی دووبارە بوویان هەیەو، هاوشێوەیە (التكرار و المماثلة) هەر لێرەوە بابەتە نەتەوەییەکان بەرهەمە تاکیەکان ناتوانن بەرجەستەیان بکەن چونکە ئەو جۆرە مامەڵانە لە بونیادی بە کۆمەڵیانەوە دەیانهێننە ئاستی تاك، بۆیە هەرچەندە بەرهەمە تاکیەکان (چیرۆك، رۆمان، شیعر) دەربارەی شتە بە کۆمەڵەکان دەنووسرێت هەست دەکرێت بچووککردنەوەی مەسەلەکەو جیاوازیەکی زۆر لە نێوان ئەو دۆخە جەماعیەی لە بابەتەکەدا هەیەو ئەوەی کە نووسەرەکە بەرجەستەی کردوە هەیە، وەك ئەو دوو شاخەی کە لە دوورەوە زۆر نێزیك دیارن، بەڵام کە دەچیتە سەریەکەمیان، ئەو سا دەبینیت نەك هەر نێزیك نین بەڵکو شکافی نێوانیان هێندەیە کە چاو هەتەربکا.

لێ بابزانین کورد چۆن مامەڵەی لەگەڵ بابەتە بە کۆمەڵیەکاندا کردوە؟

رووداوە گەورەکانی نەتەوەی کورد (Gvant nayqtives) چ شۆکەیەکیان لە رۆحی بە کۆمەڵی ئێمەدا دروست کردوە (بۆ نموونە هەڵەبجەو ئەنفال)، چۆن مامەڵەیان لە تەکدا دەکەین؟ ئائا ئەو یادو بیرەوەریانەی بۆیان رێکدەخەین گەیشتونەتە ئاستی مامەڵەیەکی بە کۆمەڵ و خاوەن بونیادێکی سەربەخۆ، یان ساڵ بە ساڵ کاڵتر دەبنەوە، دیارە ئەمەش خەسڵەتی مامەڵەی تاکی‌یە (بەرە بەرە کاڵ بوونەوە تا وادەی لەبیر چوونەوە)، تاکی کورد هەرگیز لە خوێنی کەسە کوژراوەکەی خۆش نابێت، بەڵام لە ئاستی خوێنی هەزاران کوژروی نەتەوەکەیدا چاوی نووقاندوە!.

یادەکان و تووڕە بوونەکان لە ئانی ڕوودانی کارەساتەکان و کاتە نزیکەکاندا زۆر بەهێزن بەڵام دواتر وا نامێنن، واتە بەرەو کاڵ بوونەوەو دواتر بیرچوونەوە دەچن، یانی چورنەوەیەکی بابەتی نەتەوەیی تا ئاستی مامەڵەی تاکانە، لێرەوە کرۆکی بۆچوونەکەی (ولبرك) بەسەر هزری نەتەوەیی کوردیدا ڕاست دەردەچێت، ئەو هزرەی دەبوو مامەڵەی تاکی لەنێو بۆتەی خۆیدا بتوینێتەوە، ئەو هزرەی بڕیار بوو ببێتە زەمینەی (زەرفی) بۆ بزووتی تاکەکانی خۆی کە پێ‌ی‌لەنێو مەزروفەکەیدا تاوایەوە.

کورد دوای ڕووخانی دەوڵەتی ماد خراپ لە جیهانی دەرەوەی خۆی تەوسایەوەو هەمیشە جێگە سەخت و تەنگەلانەکانی دوور لە ئاو و ئاوەدانی هەڵدەبژارد بۆ ژیان ئەو جێیانەی دوور لە دەریاو تەنها ئاسمانیان لێوە دیارە، نەوەك هەر هەوڵی کەشف و بینینی جیهانی دەرەوەی نەداوە (بینین بە هەموو مانا قووڵ و فەلسەفیەکانی، بینینی دووەم نەك بینینی چاو، بینینی مێژوویی لای مارکس نەك بینینی خەلقی بینینی دواوەی لای نیتشە و فراوانکردنی جیهانبینی و گۆڕانە عەقڵیەکان، هەنگاونان لە ماناوە بۆ مانای مانا[27] کورد نەك هەر هەوڵی بینینی قووڵایی و ڕەهەندەکانی مەسەلەکانی نەداوە بگرە گەلێ جار بۆ ئەوەی شتەکان نەبینێت چاوی نوقاندوە، بۆیە پرۆژە نەتەوەییەکان لە کشانەوەدا بوون بەرەو بەرژەوەندی تاکەکان گەلێ جار تەنها تاکێك تاکێکی خۆفرۆش پرۆژە نەتەوەیەکانی بەرەو هەڵدێر بردوە خەونە نەتەوەییەکانی کوشتووە، ئەمەش پیشاندەری لاوازی پرۆژە بە کۆمەڵەکانە لە بەرانمەر مامەڵە تاکیەکاندا ئەمەشە گەورەترین هۆکاری خودی دروست نەبوونی دەسەڵاتی نەتەوەیی.

## پەراوێزەکان:


١-هیغل العقل فی التأریخ. ت أمام عبدالفتاح امام -بیروت- ١٩٨١، ص ١٧٠

٢-القومیة مرض العقل ام خلاصة/ اعده للنشر فالح عبدالجبار/ دار الساقی، الطیرة الاولی ١٩٩٥، ل ٣٥.

٣-آلفن کفلو/ تحول السلطة بین القوة و المال و المعرفة، ص ٥٠.

٤-دەرگای سێیەم/ تحسین حمه غریب، گۆڤاری هەژان، ل

٤-دەرگای سێیەم/ تحسین حمه غریب، گۆڤاری هەژان، ل٥٥.

٥-د. شمس مرغلی علی، القانون الدستوری، مطبعة دار التألیف/ القاهره، ص٢٧٥.

٦-علم الاجتماع بین الرمز و الاشارة/ ابنو دوزی/ ت. د. قیس النوری/ الطبعة الاولی/ ١٩٨٨، ل٢٢٠.

٧-عبدالکریم سروش، مداراد مدیریت/ مؤسسة فرهنگی صراط/ چاپ اول ١٣٧٤، ص٥٩٢.

٨-للقومیة مرض العصر ام خلاصة، ل٣٠.

٩-د. ابراهیم عبدالعزیز شیعا/ مبارات، الانظمة السیاسیة، دار الجامعیة/ بیروت ١٩٨٢، ص١٥.

١٠-القومیة مرض العصر او خلاصة، ص٣٢.

١١-د. شمس مرغلی علی. المصدر السابق، ص٢٧٤.

١٢-للقومیة مرش العصر ام خلاصة، ص٣٩.

١٣-د. ابراهیم عبدالعزیز شیعا/ المصدر السابق، ص١٤.

١٤-د. شمس مرغلي على المصرد السابق، ص١٦.

١٥-عەتا قەرەداغی، ستراتیژو کەسێتی نەتەوەیی کورد/ لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری مرۆڤایەتی/ سلێمانی پایزی ١٩٩٨.

١٦-د. طعمية الجوف، نظرية الدولة مطبعة القاهرة، القاهرة سنة ١٩٧٨، ص٤٧.

١٧-د. شمس مرغلي على، المصدر السابق، ص٢٠.

١٨-سەرچاوەی ژمارە (١٥)، ل٢٠.

١٩-الفن كفلر سەرچاوەی ژمارە ٣٠، ل٥٠.

٢٠-الفن كفلر سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

٢١-القومية مرض العصر أم خلاصة، المصدر السابق، ل٤٠.

٢٢-الفن كفلر، تحويل السلطة، ص٦٠.

٢٣-د. عبدالرحمن قسملو، دەڵێت ئاڵۆزیی مەسەلەی کورد لەوەدایە کوردستان لە نێوان دەوڵەتانی جیاجیادا دابەش کراوە "الكردستان و الاكراد" ت. ثابت منصور، ل٢٦٦.

٢٤-سەرچاوەی ژمارە ١٥ ل١٢ بەدواوە.

٢٥-عبدالكريم سروش، فر بە تراز ايد ئولوژى/ مؤسسە فرهنگى صراط/ چاپ پنجم ١٣٧٧، ص٢٢٠.

٢٦-د. على شرعيتى. بازگشت بەخشيتن.

٢٧-تحسين حمە غريب/ گۆڤاری خەزان/ هەڵەبجەی نەزانراو و نەبینراو و نەبیستراو.

٢٨-فردريك نيتشة/ الاخلاق اصله و فصله ص٣٠.

٢٩-عبدالقاهر الجرجانى/ اسرار البلاغة/ ص٢٠.